# صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )
# لە تەحیاتی کۆتاییدا

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الصلاة على النبي ( صلى الله عليه وسلم ) في التشهد الأخير

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** ئایا صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا فەرزە یان سونەت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

زۆرینەی زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا سوننەتە و واجب نیە، ئەمەش ڕای هەر یەك لە ئیمامی مالیك و ئەهلی مەدینە و ئەبو حەنیفە و ئەهلی کوفە و تەواوی زانایانی ئەهلی ڕەئی وئیمامی ئەحمەد لە یەکێك لە ڕیوایەتەکانیدا ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت )، ابن المنذريس لەم بارەیەوە ووتویەتی : تەواوی زانایان جگە لە ئیمامی شافعی لەگەڵ ئەوەدان کە صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا سوننەتە و واجب نیە .

ئیسحاق یش ووتویەتی : تەرك کردنی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا بە دەست ئەنقەصد و بە عەمدی نویژی پێ دروست نابێت، بەڵام ئەگەر بە سەهو بێت ئومێدم وایە کە نوێژەکەی دروست بێت .

ئیمامی شافعیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ڕای وایە : صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا فەرزە وەك تەواوی ڕوکنەکانی تری نوێژ، ئەم ڕایەش نقڵ کراوە لە هەر یەك لە عومەری کوڕی خەتاب و عەبدولای کوڕی مەسعود و ئەبو مەسعودی بەدری ( خوایان لێ ڕازی بێت )، هەروەها ڕوایەت کراوە لە ئیمامی شەعبی و ئیمامی ئەحمەدیش لە یەکێکی تر لە ڕیوایەتەکانی تریدا ..

ئەوەشی کە ابن قدامە لە موغنیدا باسی کردووە ئەوەیە : ئەم ڕیوایەتەی دواتری ئیمامی ئەحمەد بە ووتەی مەزهەبی حەنابلە هەژمار دەکرێت ..

ئێمەیش ئەو ووتەیە بە پەسەند دەزانین کە دەڵێت : ئەگەر نوێژ خوێن بە دەست ئەنقصەد صەلاواتدانی لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) لە تەحیاتی کۆتاییدا تەرك کرد نوێژەکەی دروست نیە، بەلام ئەگەر هاتوو بە سەهو بوو، نوێژی پێ بەتاڵ نابێتەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ...